# وانەی ٩٣: چاوپێداخشانەوە ١ ئادەم: کێشەی گوناە

پەیدابوون ١–٤

ماوەیەکی زۆرە دیراسەتی نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران دەکەین. بینیمان خودا وەحی بۆ زیاتر لە چل پیاو نارد لە ماوەی هەزار و پێنج سەد ساڵ بۆ ئەوەی ووشەی بنوسن – ئەو پەرتوکەی ڕێگای ڕاستودرووستی ئاشکرا دەکات کەوا گوناهباران دەتوانن بەو ڕێیە ببن بەڕاستودرووست بەرامبەر خودا. بۆمان دەرکەوت کەوا هەموو پێغەمبەرە ڕاستەقینەکان هەمان بیرۆکە و پەیامیان هەبوو سەبارەت بەو ڕێگای ڕزگاربوون. ئەو شتانەی نووسیان لەبیری خۆیانەوە هەڵناقولاً، بەڵکو لە ڕۆحی خوداوە. بە یارمەتی خودا، لە سێ وانەی داهاتوودا، پلانمان وایە چاوپێداخشانەوە و خەست بکەین لە هەموو ئەوەی دیراسەتمان کرد لە نووسراوە پیرۆزەکان. وانەی ئەمڕۆمان بەناوی (کێشەی گوناە.)

ئێستاش با بگەڕێینەوە ئەو بنەمایەی ئەو خودا خۆی داینا، کتابی تەورات، یەکەم بەشی ووشەی خودا کەوا لە بیری موسای پێغەمبەری چەسپاند. لەبیرتە یەکەم ئایەت چی بوو؟ فەرمووی: (لەسەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا.) لەم ئایەتە بینیمان کە لەسەرەتا و پێش ئەوەی گەردوون و فریشتە و مرۆڤ درووست بێت، تەنها خودا بوونی هەبوو. خودا پەروەردگاری تاهەتاییە، ڕۆحی تاهەتاییە. نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی. ئەو بەهێزترین کەسە کەوا هەموو شتێك دەبینێ و هەموو شتێك دەزانێ.

لە یەکەم بەش خویندمانەوە چۆن خودا لەشەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و زەریاکان و هەموو ئەوەی لەناویەتی بەدی هێنا. خودا زەوی بۆ مرۆڤ ئامادە کرد، ئەوەی کە پلانی وابی درووستی بکات. بۆیە لە شەشەم ڕۆژدا خودا فەرمووی: (با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین، لە شێوەی خۆمان. با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵیماڵی و بەسەر هەموو زەویدا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەویدا دەخشێن.) خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا. (پەیادبوون ١: ٢٦، ٢٧)

مرۆڤ گرنگترین بوونەوەرە کە خودا بەدی هێناوە. خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنا ! خودا پلانی دانا برادەرایەتیەکی قوڵ و سەرسوڕهێنەری لەگەڵ مرۆڤ هەبێ. لەبەر ئەوە ڕۆحێکی لە گیانی پیاو و ژن چەسپاند تاکو بتوانن خودا بناسن. هەروەها خودا دڵێکی پێ دان تاکو بتوانن ئەویان خۆش بوێت. سێیەم خودا ئیرادەیەکی ئازادی پێ بەخشین تاکو بتوانن بۆ خۆیان هەڵبژێرن لەنێوان گوێڕایەڵی خودا و گوێڕایەڵ نەبوونی.

لە بەشی دووەم، خوێندمانەوە کە خودا یەکەم مرۆڤ ، ئادەم، لە باخچەیەکی جوان دانا، کەوا پڕ بوو لەدار مێوەی جوان و بەتام. هەروەها بینیمان خودا ئافرەتێکی درووست کرد لە پەراسوویەك کەوا لە ئادەمی لێکردەوە و پاشان بەخشی پێی. ئادەم ناوی لێ نا حەوا. خودا ئادەم و حەوای بەرەکەتدار کرد و هەموو شتێك کە پێویستیان پێی بوو دای پێیان. لەگەڵ ئەوەشدا شتێك هەبوو کە خودا لەوانی ویست. خودا چی لەم دوو کەسە ویست کەوا لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنابوونی؟ ویستی خۆشیان بوێ پڕ بە بیر و دڵ و ئیرادەیان، و بەو شێوەیە پەیوەندێکی قوڵ و سەرسوڕهێنەریان لەگەڵی هەبێ تاهەتا. لە دەرئەنجامدا، بینیمان چۆن خودا تاقیکردنەوەیەکی لە بەردەمیان دانا بۆ ئەوەی ناو دڵیان ئاشکرا بکات. خودا ئەم فەرمانەی بە ئادەم دا: (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێگومان دەمریت) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧) بۆیە خودا ئادەمی تاقیکردەوە و ئاگاداری کردەوە کە لەڕێی یاسای خودا لادان مردنە کەواتە جیابوونەوە لە خودا تاهەتا.

لە بەشی سێیەمدا نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێك شەیتان، ئەو فریشتەیەی یاخی بوو بەرامبەر خودا، هاتە لای ئادەم و حەوا وەك مارێکی فێڵباز. با حەوای ووت، (ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: (بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟)

ئافرەتەکەش بە مارەکەی وت: (بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا فەرمووی، (پێویستە لە بەری ئەو دارە نەخۆن، کەوا لەناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن.) مارەکە بە ئافرەتەکەی وت: (نا بە ڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێ دێت، ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن.) (پەیدابوون ٣: ١–٥)

خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو ڕوو دەدات گەر بێتو لەبەری ئەو دارە بخۆن کە قەدەغەی کردبوو؟ فەرمووی، (دەمرن!). ئەی شەیتان چی ووت؟ ووتی (نامرن!). ئادەم و حەوا ووشەی کامیان هەڵبژارد باوەڕی پێ بکەن و شوێنی کەون؟ ئایا ووشەی خودایان هەڵبژارد یاخود ووشەی شەیتان؟ ووشەی شەیتانیان هەڵبژارد، دوژمنی خودا!

خودا چی کرد لەپاش ئەوە؟ ئایا تەنها دانیشت و تەماشای ئادەم و حەوای کرد؟ نەخێر. خودا هەر ئەوەی کرد کەوا ئاگاداریانی کردەوە. بانگیانی کرد و دادوەرییان کرد و نەفرەتی کرد لەوان و لە زەوی، پاشان خستیانیەی دەرەوەی باخچە خۆشکە کەوا بۆیانی درووست کردبوو. لەو ڕۆژە خەمناکە، ئادەم و حەوا لە گیانیاندا مردن! لە خودا جیابوونەوە، کەوا سەرچاوەی ژیانە. تاکە شت کە چاوەڕوانی بکەن ئێستا مردنی جەستەیان و سزای تاهەتایی، لەبەر ئەوەی سزای گوناه مردن تاهەتاییە، هەروەك خودا فەرمووی.

بەڕاستی گوناه کارەساتی سامناکە. ئادەم و هەموو نەوەکانی لە خودا جیاکرانەوە بە یەك گوناه! گوناه وەك نەخۆشی ئایدز وایە. وەك دەزانن ئایدز نەخۆشییەکە کە خەڵك بڵاوی دەکەنەوە لەنێوان خۆیاندا. کارەساتەکە کەوا بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە. هەر کاتێ ڤایرۆسی ئایدز بچێتە ناو لەشە کەسێکەوە، هەرگیز بەجێی ناهێڵێ. ئەو کەسانەی ئایدزیان هەیە دەیگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان. ئایدز بکوژە و هەموو ئەوانەی تووشی بوونە لەناو دەبات. گوناهیش ئاوایە. گوناه لە هەموو شوێنێکە و لە هەموو کەسێکە و وادەکات خەڵك بۆ تاهەتا لەناو بچن. بەڵام سوپاس بۆ خودا، جیاوازی هەیە لەنێوان نەخۆشی ئایدز و نەخۆشی گوناه. مەسەلەی ئایدز ئەوەیە هێشتا دەرمانیان بۆ چارەسەرکردنی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام چارەسەر هەیە بۆ ئەو کەسانەی تووشی گوناه بوونە! خودا خۆی چارەسەرێکی دابین کردووە، کەوا ئەگەر بەکاری بێنین، پاکمان دەکاتەوە لەگوناه تاهەتا.

ئەو بەڵێنە جوانەی خودات لەبیرە کە دای لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد؟ بەڵێ، لە هەمان ڕۆژ کەوا گوناه هاتە ناو جیهان، خودا بەڵێنی دا کەوا ڕزگاری دەرێك پیرۆز بنێرێتە سەر زەوی کەوا نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی وێرانکەری شەیتان و گوناه. هەروەها خوێندمانەوە کە ئەم ڕزگاری دەرە بە تاقە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت ، لەبەر ئەوەی ڕزگاری دەری گوناهباران ناکرێ لە نەوەی ئادەم بێت کەوا ئێستا تووشی گوناه بووە. دەبێت لە ڕۆحی پاك و پیرۆزی خوداوە بێت.

بەو شێوەیە بینیمان لە ئینجیل کە هەزاران ساڵ لەپاش ئەوەی خودا بەڵێنی دا ڕزگاری دەرەکە بنێرێ، کە کاتی دەست نیشان کراوی خودا هات، پیاوێکی ڕاستودرووستی تەواو لەدایك بوو و هاتە جیهان، باوکی زەمینی نەبوو، لە پاکیزەیەك لەدایك بوو. ناوی عیسا بوو، کە بەمانای (خودا ڕزگار دەکات). بەڵێ، عیسای مەسیح ڕزگاری دەرە پیرۆزەکەیە کە خودا بەڵێنی ناردنی دا لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد. ئەو تاقە ڕزگاری دەرە.

لەبیرتە ئادەم و حەوا چییان کرد لەپاش ئەوەی لە داری زانینی چاکە و خراپەیان خوارد؟ گەڵا هەنجیریان هۆنیەوە و بە ناوقەدی خۆیان پێچایەوە لە هەوڵێکدا بۆ داپۆشین شەرمەزاری خۆیان، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی گوناه ئەنجام بدەن ڕووت بوون بەڵام پێیان شەرم نەبوو. ئایا خودا ئەو جلەی قەبوڵ کرد کەوا بۆ خۆیان درووستیان کردبوو؟ نەخێر! باشە بۆچی خودا ئەو جلانەی قەبوڵ نەکرد؟ خودا ویستی فێریان بکات کە هیچ شتێك نیە مرۆڤ بتوانی بیکات بۆ ئەوەی ئەو شەرمەزارییەی گوناهەکەی داپۆشێ بەرامبەر خودا! بەڵام خودا شتێکی بۆ ئادەم و حەوا کرد. بینیمان چۆن خودا چەن ئاژەڵێکی بێ تاوانی هەڵبژارد و سەریانی بڕی و کەوڵیانی کرد و جل و بەرگی بۆ ئادەم و حەوا درووست کرد و لەبەریانی کرد. بەم شێوەیە خودا ئادەم و حەوای فێر کرد کە سزای گوناه

مردنه! خودا نەك تەنها ئاژەڵی کردە قوربانی، بەڵکو فەرمانی بە ئادەم و نەوەکانی دا کە ئاژەڵی بێ عەیب بکەن بەقوربانی بۆ داپۆشینی گوناه، تا ئەو کاتەی خودا ڕزگاری دەرەکە دەنێرێ.

بەو شێوەیە خودا بەڕوونی پێیانی نیشان دا کەوا یەك تەنها ڕێگا هەیە بۆ ڕزگار بوون: ڕێگای قوربانی بێ عەیب. ڕێگای ڕاستودرووستی کە خودا ڕایگەیاند فەرمانی دا کەوا دەبێت ئاژەڵی بێ عەیب هەڵبژێرن و سەری ببڕن وەك قوربانی کە گوناه دادەپۆشێ. ئەم قوربانییانە نیشاندەر بوون بۆ ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە، ئەوەی دێت و خوێنی خۆی دەڕێژێ لەسەر خاچێك بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی نەوەی ئادەم بداتەوە. بۆیە، بەو قوربانی ئاژەڵانە، خودا لە پێش گوناهباراندا سیبەری عیسای مەسیحی دانا، ئەوەی کە دەمرێ وەك تەواوترین قوربانی بۆ ئەوەی گوناه لادات. بەم شێوەیە، خودا نیشانی دا کەوا ڕاستودرووستە، تاکو دادپەروەر بێت و ئەوانە بێتاوان بکات کە باوەڕیان بە عیسایە. (ڕۆما ٣: ٢٦)

لەو بەشەی پاش چیرۆکی گوناهەکەی ئادەم و بەڵێنە جوانەکەی خودا بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە، دەربارەی یەکەم دوو کوڕی ئادەممان خوێندەوە. قابیل و هابیل. بینیمان کە هابیل بەرخێکی بێ عەیبی پێشکەش کرد و سەری بڕی وەك قوربانی کەوا گوناه دادەپۆشێ، هەروەك خودا فەرمانی پێ دابوو. قابیل هەوڵی دا لە خودا نزیك ببێتەوە بە کردەوەی خۆی، بەهێنانی بۆ خودا بەروبوومی ئەو خاکەی بەنەفرەت کرابوو. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا هابیل و قوربانییەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو. (پەیدابوون ٤: ٤، ٥) بۆچی قوربانییەکەی قابیل جێی ڕەزامەندی خودا نەبوو؟ وەك بینیمان، ڕێگای ڕاستودرووستی وا خودا بانگەوازی دەکات ڕایگەیاند کە: لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانییەکان ٩: ٢٢) بەڵام، قابیل بەهای بۆ ڕێگای قوربانی دانەنا کەوا خودا دەست نیشانی کردبوو. قابیل وای نیشان دا کە باوەڕی بە خودایە، بەڵام کردەوەکانی ئینگاریان لێ دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو قوربانی خوێنەی پێشکەش نەکرد کەوا خودا داوای دەکرد. بۆیە، خودا قابیل و قوربانییەکەی ڕەت کردەوە. بەڵام قوربانییەکەی هابیل جێی ڕەزامەندی خودا بوو، و لەهەموو گوناهەکانی خۆش بوو، لەبەر ئەوەی هابیل باوەڕی بە ووشەی خودا هێنا و خوێنی بەرخێکی بۆی هێنا.

هابیل نیشاندەری ئەو کەسانە بوو کە خودا وەك ڕاستودرووست دادوەرییان دەکات لەبەر باوەڕیان بە عیسای مەسیح، ئەوەی خوێنی خۆی ڕشت بۆ سزا دانەوەی گوناه. قابیلیش نیشاندەری ئەو کەسانەیە کەوا هەوڵ دەدەن ڕاستودرووست بن بەرامبەر خودا بە کردەوەی خۆیان، و ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بێنن بە قوربانی ڕزگاری دەرکە، ئەوەی خودا لە ئاسمانەوە ناردی. تا ئەمڕۆ، تەنها ئەو دوو ڕێگایە هەیە: ڕێگای هابیل و ڕێگای قابیل. تۆ بەدوای کام ڕێگا کەوتووی؟ ئایا ڕێگای هابیلت قەبوڵ کردووە، کەوا ڕێگای ڕاستودرووستییە، کەوا لەسەر بنەمای قوربانی مەسیحی پیرۆزە کەوا خودا ناردیە خوارەوە؟ یاخود هێشتا بە ڕێگای قابیل دەڕۆی، ڕێگا ناڕاستودرووستی، کەوا لەسەر بنەمای کردەوەی مرۆڤ و پێداویستییەکانی ئایینە؟

خودا ڕاستودرووستە و ناتوانێ لەگوناه ببورێ! خودا نەیدەتوانی بە ئادەم و حەوا، هابیل و قابیل و هەموو نەوەکانی بفەرموێ: (دەزانم گوناهتان ئەنجام داوە، بەڵام قەینا! شتێکی وا نیە، هەر وابزانە گوناهتان نەکردووە!) ئایا خودا بەو شێوەیە لە گوناه خۆش دەبێت؟ هەرگیز! ئەگەر خودا وای بکردایە چۆن گوناهباران پیرۆزی ئەویان دەزانی؟ خودا دادوەرێکی ڕاستودرووستە و دەبێت سزای گوناه بدات. سزای گوناه مردنە! بۆیە ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە دەبوایە بمرێ لەباتی گوناهەکانمان. کاتێ لەسەر خاچە مرد، سزای گوناهەکانی من و تۆی دایەوە.


لە ئینجیل نووسراوە سەبارەت بە ڕێگای ڕاستودرووستی کەوا خودا فەرمانی پێ داوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد (ڕۆما ٥: ١٢) بۆ هەموو ئەوانەیە کە باوەڕ دەهێنن، بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە. لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی

خودا کەوتن، بەخۆڕایی بە نیعمەتی خودا بێتاوان کراون، بەو کڕینەوەیەی لە عیسای مەسیح دایە، ئەوەی خودا وەک کەفارەت پێشکەشی کرد، ئەگەر باوەڕ بە خوێنی عیسا بهێنین. ئەمەی بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەکەی خۆی کرد، لەبەر چاوپۆشی لە گوناهەکانی ڕابوردوو، بە پشوودرێژیی خودا - بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەکەی لە کاتی ئێستا، تاکو دادپەروەر بێت و ئەوانە بێتاوان بکات کە باوەڕیان بە عیسایە. (ڕۆما ٣: ٢٢–٢٦) چونکە کرێی گوناه مردنە، بەڵام دیاری خودا ژیانی تاهەتاییە لە عیسای مەسیحی خوداوەندمان. (ڕۆما ٦: ٢٣)

لە وانەی داهاتووماندا بەردەوام دەبین لە چاوپێداخشانەوەی پەیامی پێغەمبەران و ئەوە دێنینەوە یادمان چۆن خودا بانگی ئیبراهیمی کرد بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە پلانە سەرسوڕهێنەرەکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان.

خودا بە ڕەکەتدارتان بکات کاتێ سەرنجی ئەم ووتانەی ووشەی خودا دەکەن کەوا دەتوانێ ژیانت بگۆڕێ:

کرێی گوناه مردنە، بەڵام دیاری خودا ژیانی تاهەتاییە لە عیسای مەسیحی خوداوەندمان. (ڕۆما ٦: ٢٣)



# گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. لەبیرتە یەکەم ئایەت چی بوو؟
٢. خودا چی لەم دوو کەسە ویست کەوا لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنابوونی؟
٣. خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو ڕوو دەدات گەر بێتو لەبەری ئەو دارە بخۆن کە قەدەغەی کردبوو؟
٤. ئەی شەیتان چی ووت؟
٥. ئادەم و حەوا ووشەی کامیان هەڵبژارد باوەڕی پێ بکەن و شوێنی کەون؟
٦. ئایا ووشەی خودایان هەڵبژارد یاخود ووشەی شەیتان؟
٧. خودا چی کرد لەپاش ئەوە؟
٨. ئایا تەنها دانیشت و تەماشای ئادەم و حەوای کرد؟
٩. ئەو بەڵێنە جوانەی خودات لەبیرە کە دای لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد؟
١٠. لەبیرتە ئادەم و حەوا چییان کرد لەپاش ئەوەی لە داری زانینی چاکە و خراپەیان خوارد؟
١١. ئایا خودا ئەو جلەی قەبوڵ کرد کەوا بۆ خۆیان دروستیان کردبوو؟
١٢. بۆچی خودا ئەو جلانەی قەبوڵ نەکرد؟
١٣. بۆچی قوربانییەکەی قابیل جێی ڕەزامەندی خودا نەبوو؟
١٤. تۆ بەدوای کام ڕێگا کەوتووی؟
١٥. ئایا ڕێگای هابیلت قەبوڵ کردووە، کەوا ڕێگای ڕاستودرووستییە، کەوا لەسەر بنەمای قوربانی مەسیحی پیرۆزە کەوا خودا ناردیە خوارەوە؟ یاخود هێشتا بە ڕێگای قابیل دەڕۆی، ڕێگا ناڕاستودرووستی، کەوا لەسەر بنەمای کردەوەی مرۆڤ و پێداویستییەکانی ئایینە؟
١٦. ئایا خودا بەو شێوەیە لە گوناه خۆش دەبێت؟
١٧. ئەگەر خودا وای بکردایە چۆن گوناهباران پیرۆزی ئەویان دەزانی؟


**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org